Research Center

# پەڕینەوەی ململانێ سیاسییەکانی هێزە شیعییەکان بۆ باڵە چەکدارەکانیان

20-12-2021

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە :** لە سێبەری ناکۆکییە سیاسییە نێوخۆییەکانی هێزە سیاسییەکانی شیعەدا، هەندێ گرژی و پێشهاتی ئەمنی لە ناو باڵە چەکدارەکانی پەیوەست بە حەشدی شەعبی لە ئارادان، لەوانەش لە هەفتەی رابردوودا دوو جموجوڵ جێگەی سەرنج و هەڵوەستە لەسەر کردنن

RRC |

یاسین تەها|

لە سێبەری ناکۆکییە سیاسییە نێوخۆییەکانی هێزە سیاسییەکانی شیعەدا، هەندێ گرژی و پێشهاتی ئەمنی لە ناو باڵە چەکدارەکانی پەیوەست بە حەشدی شەعبی لە ئارادان، لەوانەش لە هەفتەی رابردوودا دوو جموجوڵ جێگەی سەرنج و هەڵوەستە لەسەر کردنن:

یەکەم: سەدر فەرمانده‌کانی "سرايا السلام" ی باڵە سەربازییەکەی، راسپارد بایکۆتی سوپاسالاری حەشد بکەن کە ئەبو فەدەك "عەبدولعەزیز محەمەداوی" یە. ناوبراو، یەکێکە لە ناسراوترین فەرماندەکانی کەتیبەکانی حیزبوڵڵا، هەروەها سیمبولێکی دیاری حەشدی وەلائییە. ئەو لەپاش کوژرانی ئەبو مەهدی موهەندیس، بەبێئەوەی کۆدەنگیی لەسەربێت، لە شوباتی 2020 ئەو پۆستەی وەرگرت و، بەگوتەی وەلائییەکان، ئەو لەگەڵ قاسم سولەیمانیدا "فەرماندەی سەرکەوتن" بەسەر داعشدا بوون. لەبەر ئەوەی ئەبوفەدەك لە رێبەرەکانی ناوخۆیە کە بەر لە 2003 عێراقی بەجێنەهێشتووە، تاوەکو ئەم دواییانەش، بە کەمی دەرکەوتووە و خاڵی لاوازیی دیار نییە. یەکێکە لەوکەسانەی بەردەوام کار لەسەر پێشخستنی دەکرێت بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی ئەبو مەهدی و دروستکردنی رێبەرایەتییەکی شۆڕشگێری شیعی، هەر لەم میانەیەشدا گەنجەکانی حەشد زۆر پێوەی هۆگرن و زۆرجار بە "الخال" یش ناوی دەبەن.

نەك هەر ئەبوفەدەك، بەڵکو وادیارە سەدر، لە فالح فەیازی سەرۆکی حەشدیش لالوتە، چونکە  ئەو رۆژەی چووە ماڵ هادی عامری (2-12-2021) فەیاز لێی چووەپێش و هەوڵی دا موجامەلەی بکات بەڵام، سەدر رووی پێنەداو راستەوڕاست بەدەم کۆکردنەوەی عەباکەیەوە بەرەو لای سەرەوەی دانیشتنەکە ملی رێگای گرتەبەر. ئەمەش هاندەرە بۆ ئەو بۆچوونانەی باوەڕیان وایە سەدر خواستی ئەوەی هەیە لە بری فەیاز هادی عامری ببێتە سەرۆکی دەستەی حەشد کە هەرچەندە لە دوو بەرەی جیادان بەڵام دۆستایەتی و پەیوەندییەکی تایبەت لە نێوانیاندا هەیە.

دووەم: چەند رۆژێك دوای ئاشکراکردنی بڕیارەکەی سەدر لەبارەی سوپاسالاری حەشد، چەند چەکدارێك لە گردبوونەوەیەکدا، داوای دەستلەکارکێشانەوەی مەیسەم زەیدی فەرماندەی فیرقەی عەباسی حەشدی عەتەبەیان بەرزکردەوە، بەپاساوی گەندەڵی و دواکەوتنی موچەکانیان. مەیسەم زەیدی، زاوای ئەحمەد سافی یەکێك لە دوو وتاربێژەکەی سیستانییە لە کەربەلا و تەمەنی 38 ساڵە، بەڵام دەگوترێت جگە لە فیرقەی عەباس هەڵسوڕێنەری کاروبارەکانی خەزووریەتی کە دەمڕاستی عەتەبەی ئیمام عەباسە لە تەنیشت سەحنی حوسەین لە کەربەلا و تۆڕێك کۆمپانیا و کارگە و پڕۆژەی لە پەنا هەژموونە رۆحییەکەدا هەیە. داواکاریی لادانی مەیسەم زەیدی کە یەکێکە لەسەرە رمەکانی حەشدی عەتەبەیە، گومان و پەنجەکانی تۆمەتی بەرەو ئەبوفەدەك و حەشدی وەلائی ئاراستەکرد، بەتایبەت پاش ئەوەی چەکدارە خۆپیشاندەرەکان داوای هاتنەسەرخەتی سوپاسالاری حەشدیان دەکرد،  لەکاتێکدا دەمێکە حەشدەکانی نەجەف و تاران بەفەرمی ماڵیان لە یەکتر جیاکردووەتەوە و فیرقەی عەباس راستەوخۆ بەفەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانەوە (نیسانی 2020) گرێدراوە.

کێشمەکێشە نێوخۆییەکانی حەشد رەنگدانەوە و درێژکراوەی ناکۆکییە سیاسی و مەرجەعییەکانە. چوار لیوای ئەم دەزگا ئەمنییە کە ئێستا میلاکی بەرەو 200 هەزارکەس هەڵدەکشێت، ناوی خۆیان کردووە بە "حەشدی عەتەبەکان" کە جارجارەش پێیان دەگوترێت "حەشدی نەجەف" یان "حەشدی سیستانی، ئەوانیش بریتین "فرقةالإمام علي، فرقة العباس القتالية، لواء علي الأكبر، لواء أنصار المرجعية" کە هەڵگری ژمارە کارگێڕییەکانی (2، 11، 26، 44) ن. ئەم باڵە سەربازییانە پاش پەیوەستبوون بە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان، ساڵێك پێش ئێستا کۆنگرەیەکیان بەناوی "حەشدی عەتەبەکان" رێکخست کە ناوی ئەو مەزار و جێگا پیرۆزانەی عێراقە کە ملیۆنان شیعە لە سەرانسەری جیهانەوە ساڵانە روویان تێدەکەن، لە کاتێکدا پێشتر سەرجەم باڵە چەکدارەکان هەر لەژێر ناوی حەشدی شەعبیدا کاریان دەکرد.

داواکاریی لادانی فەرماندەی فیرقەی عەباس هاوکاتیش بوو لەگەڵ رەزامەندیی مستەفا کازمی سەرۆکوەزیران کە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراقە، بۆ بەشداریکردنی فیرقەی عەباس لە خولە ئەکادیمییە سەربازییەکانی وەزارەتی بەرگری بۆ ئەوانەی کە مەرجەکان دەیانگرێتەوە. هەرچەندە فیرقەی عەباس دەڵێن رێگەپێدانەکە بۆ سەرجەم حەشدە و لەڕێگەی ئەوانەوە وەرگیراوە، بەڵام ئەم هەنگاوە مەترسی لەسەر ئەو ئەفسەر و پلەدارە وەلائییانە دروست دەکات کە لەسەر بنەمای "دڵسۆزی و چالاکی تایبەت" پلەی سەربازی بەرز و ئیمتیازی زۆریان لە ناو دەستەی حەشدی شەعبی پێدراوە. هەندێك دژەپێکردنی ناو حەشدیش باس لەوە دەکەن

ئەبوفەدەك و فەرماندە نزیکەکانی لەم هەنگاوەی بە دامەزراوەییکردنەی حەشدی عەتەبەکان نیگەران و بێتاقەت بوون و، لە کاردانەوەشدا خۆپیشاندانیان لەناو فیرقەی عەباس دروستکرد بەر لەوەی فەرماندەکانی فیرقەکە بەئاگاییەوە پشێوییەکە کپ بکەنەوە.

هەندێك بۆچوون پێیانوایە کەرتبوونی حەشد بۆ دوو بەرە "وەلائی" و "عەتەبەکان" یەکێکە لە پێشهاتە جومگەییەکانی پاش 2003، چونکە جگە لە پاڵپشتی سیاسی و بودجە، سەرمایەی هەرە گەورەی حەشد و پاساوی مانەوەی لەپاش کۆتاییهاتنی شەڕی داعش ئەو هەوڵی بەپیرۆزکردنەیە کە لە فەتوای مەرجەعی باڵای شیعە عەلی سیستانییەوە سەرچاوە دەگرێت، ئێستا کە عەتەبەکانی سەر بەمەرجەعیەت خۆیان لە ئێرانییەکان جیادەکەنەوە، ئەوە جگە لە پیرۆزی دەیانکەنە نیشانەش بۆ هەر بارگرژییەکی هەرێمی و نێودەوڵەتی و، لە هەمانکاتیشدا هاندەری زیاتر دەبن بۆ داوای تێکەڵکردنیان لەگەڵ سوپا و پۆلیس و هەڵوەشاندنەوەی قەوارەکەیان. باوەڕێکی زاڵیش هەیە کە ئەمە یەکێك بێت لە بەرنامە و خواستە دوورمەوداکانی موقتەدا سەدر بۆ ئەوەی لە چنگ و نینۆکی رکابەرە سەرەکییەکانی رزگاری بێت کە بەشێکیان لە بن باڵی خۆیەوە لێی جیابوونەتەوە، بۆ نموونە (عەسایب و نوجەبا).

چارەنووسی حەشد و شێوازی داڕشتنەوەی یەکێك لە ئەرکەکانی قۆناخی خوولی نوێ (پێنجەم) و قۆناخی پاش هەڵبژاردنی 2021 دەبێت. بەر لەوەی حکومەت دروستبکرێت و تەرازووی هێز بەلایەکدا بکەوێت، هەموو لایەنە شیعییەکان لە هەوڵی دروستکردنی دیفاکتۆیەکی ئەمنیدان کە بەحکومەتی داهاتوو دەستکاری نەکرێت. لەکاتێکیشدا، سەدر و حەشدی عەتەبەکان جەخت لە سەنتەربوونی دەوڵەتی عێراق دەکەنەوە وەك مەرجەعیەتی چەك و دەیانەوێت حەشەد ببەسترێتەوە بە حکومەتی بەغداوە، حەشدی وەلائی سنوری ئێران تا دەریای ناوەڕاست بە گۆڕەپانی چالاکی خۆیان دەزانن و باس لەوەش دەکەن تا ئەوکاتەی کە ئیمامی دوازدەیەمی شیعە "المهدي المنتظر" دەردەکەوێت ئەوان چەکەکانیان رادەست ناکەن و گرووپەکانیان ناشێوێنن.